# دادگای ئەنفالو بەڵگەنامەی کایرۆس

**شەفیقی حاجی خدر**

Shafiq68@gmail.com



رژێمی عێراقی پێشو ناوی لەو هەشت شاڵاوە تاوانکارییە بەربڵاوەی کەلە ساڵی 1988 کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ناوی نا –حملات الانفال–. هەنوکەش بە گوێرەی قانونی دادگای تاوانی عێڕاقی باڵا دادگای تاوانەکانی ئەنفال لەسەروبەندی تەواوبووندایە.

ئێمە لەو نوسینەو وتارەکانی دیکەدا هەوڵ دەدەین هەندێ خاڵی گرنگ لەرویی دادگایەکە بەگەڕانەوە بۆ خودی قانونەکەو بڕوانامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە تاوانەکانی بەرگرتن لە ژینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیو تاوانەکانی جەنگ شی بکەینەوە.

بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین لایی لە ناوی تاوانەکان کەبە بەئەنفال ناوبراون بکەینەوەو لەگەڵ دۆکیۆمەنتێک کەلە ساڵی 1985 لە کەنیسەکانی کۆماری باشوری ئافریقیا دژی رژێمی ئاپارتایدی سپی پیستەکان دەرچون، بەراورد بکەین.

مەبەستی ئێمە لەو نوسینە بەراوردکاریە باسکردنە لەمەڕ مەسەلەیەکی زۆر گرنگو وروژێنەر تاکو زیاتر قسەی لەسەر بکرێ، بەڵکو دواتر ئەو پێشنیازە وەک دەرەنجامێکی نوسینەکە جێی خۆی بگرێ.

جارێ لەپێشەوە لایەنە خوازراوە دینیەکەی کە رژێم وەک پەردەپۆشیکی رەوایەتی بەکاری دەهێنا باس دەکەم ئەنجا دەچمە سەر باسکردنی دۆکیۆمەنتی کایرۆسو لایەنە بەراوردکاریەکەو پاشان دەرەنجام.

هەر هەشت شاڵاوەکان لەژێر ناوی ئەنفالەوە بوو. لەدیرۆکی داپڵۆسێنەرو سەرکوتکەرانی سوپای عیڕاقیشدا بووتە نەریتێک هەر کارێکی لەو چەشنەدا ئەنجامدرابێ هەولیان داوە بیخەنە ژێر پەردەیەکی دینی بەتایبەتی لەشەڕی کاولکەریەکاندا وا ناوێکی لێبنرێ. ناوی دینی زیاتر لە شەڕی عێیڕاق –ئیراندا رەنگی دایەوە کەهەردو لای شەڕکەر درێخیان لەبەکارهێنانی ئەو ناوانە نەکردۆتەوە.

بەڵام شەڕەکانی سوپای عیراق دژی خەڵکی کوردستان بەو بەربڵاویەو ئەو ناوەی لێبنرێ، مەبەست هەر پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانە بوو لەژێر بەحیسابی رژێم گەڕانەوە بۆ رەوایەتی کۆنی ئەنفال.

ئەنفال یەکەمین ئایەتی هەشتەم سورەتی قورئانە کەدەقەکەی؛ ' یسئلونک عن الانفال قل؛ الانفال لله والرسول فاتقوا الله اصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله وروسولە ان کنتم موءمنین'.

ئەوسا لێرەدا مەبەست لە وشەی ئەنفال وەک مامۆستا هەژار لە تەفسیری قورئاندا دەڵێت ' دەسکەوتی جەنگ' بێ یان نا، مەبەست هەر ماڵ بێ یان سەروماڵ بەیەکەوە جێگەی تێبینی ئێمە لەو نوسینەدا نیە، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە ناولێنانەکەی حکومەتی بەعس بوو بۆ رەوایەتی پێدان.

خاڵێکی دیکە لایەنە دینیەکە زەقتر دەکاتەوە ئەویش هەر بەمەبستی رەوایەتی وجۆشدانەوە دێت، کە ناوی بەشو هۆبەکانی سوپا بوو بەناوی سەرکردەی عەرەبی ئیسلامی ناودار. ئەوەشیان دیسان سوپای عێراق هەر لەکاتی دروست بوونیەوە کردویەتیە نەریتێک، بۆ نمونە یەکەمەمین فەوجی ئێراقی لەسەروبەندی دروستبونی دەوڵەتی شانشینی عێراق ناوی –ئیمام موسای کازم– بوو. ناوی سریەو فەوجو لیواو فرقەو فەیلەقەکانی سوپای عێراقی لەکوردستان کە تاوانەکانی ئەنفالیان کرد ئەو سەرکردەو ناوە دیارانەی مێژوی عەرەبو ئیسلام بوون کە ئیسلامەتیان کاتی خۆی لە ناوچەکەدا بڵاو کردۆتەوە. ئەوەش رەنگبێ بێجگە لەو راڤەیەی گەڕان بەدوای رەوایەتی واتای دیکەش بداتە دەست، ئەویش واتای هاتنەوە. وەک بگوترێ ' وادیسان هاتینەوە'.

ئەو هۆکارەی لایەنە پاردۆکسە (دژیەکەکە) قوڵتر دەکاتەوە ناسنامەی دینی قوربانیەکانی تاوانەکانی ئەنفالە، چونکە هەرهەمویان ئیسلام بوونە، لەو ئیسلامانەش کەکاتی خۆی باپیرانیان بەدەستی ئەو ناوە دیارانەی تیپەکانی سوپای عێراقیان لێ بووە. لەو تاوانانەدا خودی لایەنە ئیسلامیە کوردییەکە لەمزگەوتو قورئانو مەلاکان نەبواردراوە.

لەبەرامبەر ناوی ئەو تاوانانە رەنگە دەنگی وا لەرابردوو ئێستا هەبێ بڵێ نابێ ناوی ئەنفال لەو تاوانا بنرێ چونکە ئەوە ئەنفال نەبوە، پێداگرتنیشیان لەسەر ئەو رایە هەم دیسان بۆ لایەنی دینی دەگەڕێتەوە ئەویش لە پەرۆشیان بۆ خراپبەکارهێنانی چەمکی ئەنفالە. ئەورایە لەبەفەرمی ناونانی رژێم بێ بنەما دەمێنیتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی پێی دەگوترێ ' رد الاعتبار' هەر بێ ناوەرۆک دەمێنێتەوە.

بەڵام چۆن دەکرێ کورد لەسۆنگەی دادگا یان باشتر بڵێم دەرچەی کۆتایی بریاری دادگا هەوڵ بۆ پرسی لێبوردنو ئەوەی پێی دەگوترێ 'رد الاعتبار'بدەاتەوە، بەشێوەیەک ئەو رەوایەتیەی کاتی خۆی رژێم دەیەویست بەخراپ بۆخۆی بەکار بێنێو لێی بپرسێتەوە، پێچەوانە ببێتەوە، ئەمجارەیان کورد لەبەردەم جیهان، بەتایبەتیش جیهانی عەرەبیو ئیسلامی بۆ راستەرێگەبونی رەوایەتی بەکاربێنێ وەک مافێکی مرۆڤانەو ئیسلامیانە. چونکە لەوبارەدا دەرچەکە بەقازانجی هەمەلایەنەی پرسی نەتەوایەتیمان دەشکێتەوە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بۆچونە، لێرەدا دەچمە سەر پێناسەی دۆکیۆمەنتی کایرۆسو پێواژۆی سەرهەڕڵدانو کاریگەریەکەی، بەڵام بە کورتی، چونکە باسکردن و تێگەیشتینی تەواو لەدۆکیۆمەنتی ناوبراو باسی درێژتری دەوێ.

**کایرۆس لەسەردەمی هەڕەتی رژێمی ئەپارتایدی باشوری ئافریقا بڵاو کرایەوە**

رژێمی ئەپارتهاید بەفەرمی ئەو رژێمە بوو کەلە ئافریکا لە 1948 تا 1990 لەسەر کار بوو. ئەپارتایدApartheid وشەیەکی زمانی هۆڵەندیو باشوری ئافریکایە واتای جیاکردنەوە دەگەیەنێ. مەبەستی رژێمەکەش جیاکردنەوەی رەگەزی بوو، واتە سپی پێستو رەشپێستەکان لەیەک ئایر بکاتەوە. بۆیەش بەرژێمی ئەپارتایهد(جیاکردنەوە) ناوی دەرکرد. ئەو رژێمە دەقانونی بۆ بەرجەستەکردنی چەسپاندی جیاکردنەوەی دەرکرد، بەوەی کە سپی پێستە کەمینەکان بەسەر زۆرینەی رەشپێستەکان دەسەلاتدارو زاڵ ببن. بەگویرەی قانونەکان هەردولا لەیەک جیاکرابونەوە تا لە گەرەکەکانی نیشتەجێبوون و پاسی هاتو چۆو فەرمانگەکانو چێشتخانەو هتد..، بەمجۆرە رەشپێستەکان وەک هاولاتی پلە دوو بەرەو خوارتیش سەیر دەکران. بەکورتی لەبەرامبەر ئەو چەوساندنەوە رەگەزپەرستانەیەدا رەشپێستەکان کەتنە خۆسازدانو جولانەوە، بەزۆریش لەژێر سایەی پارتی کۆنگرەی خواروی ئافریقیا بەسەرۆکایەتی نیلسۆن ماندێلا کەلەئەنجامی خەناتدا بە بەهەزاران رەش پێست گیانی لەسەر داناو خەباتکارە حزبیەکانیش زیندانەکانیان پێ پڕ کردن، یەکێکیش لەو زیندانیانە نیلسۆن ماندێلا بوو کە 27 ساڵ لە زیندانادا مایەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگو سەرنج راکێشە بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی ئەنفالدا دێتەوە لایەنە دینیەکەیە. سپی پێستەکان بۆ رەوایەتی دان بە رژێمەکەیانو چەوساندنەوەیان پەنایان بۆ هەمو شتێک دەبرد لەوانەش کەنیسە؛ لە کەنیسەشدا کەنیسەی سپی پێستەکان. ئەوکارەیان زۆر درێژەی کێشا، لەگەڵ درێژەپیدانی چەوساندنەوەکە هەر کەنیسە، بەلام ئەمجارەیان کەنیسەی رەشپێستەکان چیدیکەی ئەو زۆریەی بەناوی دین پێ قبوڵ نەکرا.

بۆیە لە 13 ئەیلولی 198دا 152 قەشە و پیاوە دینیەکانی کەنیسەکانی ولات کۆبوونەوەو بەڵگەنامەیەکیان بەناوی کایرۆس واتا(ساتی راستی گوتن) بلاو کردەوە. لەو دۆکیومەنتەدا رەخنەی دینیان لە رژێموە هەمو ئەو قەشە کریستیانیانە گرت کە بونەتە مایەی درێژەپێدانی رژێمی ئەپارتاید. هەر زوو ئەو دۆکیۆمەنتە لە ولات بلاو ببوەوە دواتر سنوری هەرێمیکەی پەڕاندو ولاتانی دیکەی کیشوەری ئافریکاو پاشان ئاورۆپاو رۆژئاواو جیهانیشی گرتەوە، لەهەمولایەک پشتگیری دۆکیۆمەنتەکە کرا؛ بەتایبەتیش لەلایەن کەنیسەکانی جیهان و ڤاتیکانەوە. بەمە رژێم بەتەواوی رەوایەتیە دینییەکەی لێسەنرایەوە بوە هۆکارێکی کاریگەر بۆ لاپەڕگە بوونێکی سیاسیانی کوشندەوو پاشان ولاتان بایەکۆتیان کردو رژێمەکە بەتەنها مایەوە، ئەمەو هاوکار لەگەڵ خەباتی رەشپیستەکاندا رژێم نەیتوانی خۆی بگرێو بەناچارای لەژێر ئەو گوشارەدا کەوتە دانو ستاندن لەگەڵ پارتی کۆنگرەی نیشتمانی و سەرۆکەکیان ماندیلا. ئەوەبوو لە 1990 رژێمی ئەپارتاید نەماو دواتر سەرۆک ماندیلا لە زیندانیەوە هاتە دەرەوەو بوو بەسەرۆک.

بەڵگەنامەی کایرۆس بەڵگەنامەیەکی نوسراوی دینی بوو کەتیایدا سێ تەوەرەی لە روانگەی ئاینی کریستیانی لێکدا بووەوە.

' کات پێگەیشت. ساتی راستی هات. باشوری ئافریکا توشی ئاستەنگێک بوە مانگەکانی داهاتوش خراپتر دەبێ. کایرۆس ساتی راستەقینە هەر بەتەنها بۆ رژێمی ئەپارتاید نیە بەڵکو بۆ کەنیسەشە. ئێمە وەک

کۆمەڵیک تیۆلۆگ  هەوڵ دەدەین بەگەڕانەوە بۆ مێژومان لەواتای تیۆلۆگی بگەین. بارودۆخ زۆ خراپو زۆر دژوارە. بۆ زۆر لە کریستیانە ئافریکاییەکان کایرۆس دەرفەتێکی لەبارە تاکو خوا تەحەدای بڕیاری سەپێنراو بکات. هەنوکە  بارەکە زۆر دژوارە چونکە گەر ئەو کانسە لەدەست بچێ بارودۆخەکە هەروا درێژەی هەبێ، ئەوا واتای لەدەستدانو دۆڕانی کەنیسە بۆ کریستیانەکانو هەمو ئاکنجیانی باشوری ئافریقیا لەمحەکدایە. عیسا بۆ ئۆرشەلیم گریا. ئەو بۆ مەرگەساتی روخانی شارو کوشتارگەی خەڵک دەگریا، کەلەپێش بوو' ئەو چەند رستانە دەستپێکی دۆکیۆمتەکە بوون.

ئەوان لەدۆکیۆمینتەکە بەدرێژی باسی ئەوە دەکەن کە خواو مەسیح هەر هی سپی پێستان نەبوونو نین بەڵکو هی پێست رەشو بۆرو هەمو مرۆڤایەتین، مەسیح لەپێناو راستیو ئازادیو دادپەری بووە قوربانی. ئەوان لەسێ تەوەرە سەرەکیەکەی بەڵگەنامەکەیان لایەنی دینان دابەش کردبوە سەر سێ بەش، لایەنی تیلۆگی دەوڵەت، کەبەتەواوی رەتیان کردەوە چونکە دەوڵەت دینی وەک سایە بۆ چەوساندنەوەو خۆ دزینەوە لە سزا و بەرپرسینەوە بەکار دەهێنا، دوهەمیش لایەنی تیۆلۆگی کەنیسە، بەتایبەتیش کەنیسەی سپی پێستەکان کە هەڵوێستێکی میانڕەوانەیان هەبوو، داوایان دەکرد ئاشتبوونەوە ببێ و گوێ لەهەموو لایەک بگیرێ، ئەوەش لەسەر حیسابی مافی رەوای رەشپیستەکان، بۆیە ئەو هەلوێستەشیان رەتکردەوە، لایەنی سێهەم کەداخوازی بوون تیلۆگی دینی وەک خۆی کە مەسیح داوای کردبوو، کە هەردو لایەنی پێشوو دەوڵەتو کەنیسەی دەوڵەت فەرامۆشیان کردبوو.

بەم دۆکیۆمەنتە نەک هەر رژێمی ئەپارتاید ریسوا بوو بەڵکو لەگەڵیدا پیاوانی دینی و کەنیسەکانی سەر بەدەوڵەتو هەمو پیاوێکی ئاینی کە پاڵپشتی رژێمەکەی دەکرد ریسوا بوو، ئەنجامەکەشی لەماوەیەکی کەم دەرکەوت.

لێرەوە بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان، ئایا مەبەست لەو بەراورد کردنە چیە؟

ئاشکرایە رژێمی پێشو تاوانەکانی لەژێر ناوی ئەنفال کردوە. تاوانەکەش لەجیهانی ئیسلامیدا کاردانەوەیەکی نەرێیانەی نەدایەوە، بۆیە هەقە کۆنفرانسێکی ئیسلامی بەداخوازی پیاوە ئاینیەکانی کوردستان ببەسترێ تێیدا هەڵوێستی ئیسلام، وەک دەسەڵاتدارو مزگەوتو مەلاو هزرمەندە ئیسلامییەکانی کوردستان بەرونیو راشکاوی  دیار بکرێ، پاشان هەوڵ بدرێ ئەو ددۆکیۆمەنتە رەزامەندی هاوشانەکانیان لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامی لەسەر وەربگیرێو وەڵامی کۆمەڵێ پرس بدرێتەوە لەوانە:

ئایا ئەنفالکراوەکان موسڵمان بوون؟

ئایا خودی شاڵاوەکانی ئەنفال تاوان بوون؟

ئایا پێهەڵسێنەرران موسڵمان بوون؟

ئایا رەوا بووە؟

ئایا قوربانیان مافی 'رد الاعتباریان' نیە؟

ئەو ئايانەو و چەندان ئايى ديكە وەڵام بدرێنەوە...

كارێكى لەو جۆرە بەتايبەتيش كە دادگا لەگۆڕێدايە رەنگدانەوەيەكى  زۆر ئەرێيانەى كارانكاز دەكاتە سەر رەوتى دواوى مافە رەواكانمان...

بۆ زياتر شارەزابوون لەسەر كايرۆس بنواڕە:

Het uur van de waarheid, het Kairos document van Zuidafrikanse christenen.

Ten Have, Baarn 1986